# هۆزان مەحمود: دەستور هەلومەرجی خراپی ژنان ناگۆڕێت، لە ئێستادا لە عێراق، ئەگەر پشت بە ئیسلامیش ببەسترێت وەک سەرچاوەیەک بۆی، دەبێتە کارەسات بۆ ژنان و کۆمەڵگە بە گشتی.

و: جبار محسن

هۆزان مەحمود نوێنەری ڕێکخراوی ئازادی ژنان لە عێراق/ لەندەن لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ بەشی عەرەبی ڕادیۆی BBC کە لە ڕۆژی 16ی ئابدا سازی کردبوو، ڕایگەیاند کە ژنان لە عێراقدا هیچ مافێکیان نییە و هێزە فرەڕەگەزەکانیش هیچ کارێک ناکەن لەم بارەیەوەو وە ئەو دەستورەی کە تازە بڕیارە دابڕێژرێت هیچ لە هەلومەرجی ئێستا ناگۆڕێت. هەروەها هۆزان ڕایگەیاند کە دەستور هەلومەرجی خراپی ژنان ناگۆڕێت، لە ئێستادا لە عێراق، ئەگەر پشت بە ئیسلامیش ببەسترێت وەک سەرچاوەیەک بۆی، دەبێتە کارەسات بۆ ژنان و کۆمەڵگە بە گشتی. هۆزان ووتی: نامانەوێت سەدان ساڵ بگەڕێینەوە دواوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست کە دین حوکمی کۆمەڵگەی ئەکرد. ئەگەر ئەمە سەر بگرێت ژنان وەک هاووڵاتی پلە دوو سەیر ئەکرێن و لە ڕاستیدا ئەکرێنە کۆیلە. لە درێژەی قسەکانەشیدا ئاماژەی بەوە کرد کە ژنان ڕۆژانە ڕووبەڕووی توندوتیژی ئەبنەوەو حیزبە ئیسلامیەکانیش کە لە پەرلەماندا هەن دەوریان هەیە تیایدا، نەک هەر لەمەدا بەڵکو لەو شتەی کە پێی ئەڵێن (موقاومە). هۆزان ئاماژەشی بەوەدا کە ئەم حیزبانە داگیرکاری ئەمریکایان کردۆتە بیانو بۆ تیرۆرو تۆقاندنی کۆمەڵگە و ژنان و سەربڕین و کوشتن و ناچارکردنیان بە پۆشینی حیجاب. لە درێژەیدا ئاماژەشی بەوەدا کە: کۆمەڵگە بە شێوەیەکی گشتی چۆتە دواوەو تاوانی ناموسپەرەستی لە دژی ژنان زیادی کردووەو پەنجەی تاوانیش بۆ داگیرکەر درێژ ئەکەم لەبەرئەوەی هۆکاری سەرەکیی هەلومەرجی ئاڵۆزی ئێستای عێراق و سەرهەڵدان و زیاد بوونی ئیسلامی سیاسیە نەک هەر لە عێراقدا بەڵکو لەسەرتاسەری جیهاندا.

هەروەها هۆزان مەحموود جەختی لەسەر ئەوە کرد کە نە پۆلیسی عێراقی و نە هێزە داگیرکەرەکان هەوڵ نادەن بۆ چارەسەری کێشەی ژنان لەبەرئەوەی بە کێشەی خۆیانی نازانن لەبەرئەوەی مەهامی سەرەکی ئەوان پارێزگاری کردنە لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاو باڵادەستییەکەی لە جیهاندا.

---

ئەم هەواڵە لە بڵاوکراوەی (الشرق الاوسط) وەرگیراوە
http://www.aawsat.com/details.asp?section=4&issue=9759&article=318071